# تاڵەبانی تۆ ناپاکی نەک کەرکوکی‌یە بێدەسەڵاتو بێچارەکان!

دەرسیم دیبەگەیی
Darsim88@hotmail.com

ڕۆژی هەینی 30.9.2005، جەلال تاڵەبانی سەرۆک کۆماری ئێراقی هیواو ئاشتی، لەکۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسی کە لەهاوینەهەواری دوکان بۆ کۆمەڵێک ڕۆژنامەنووسو پەیامنێر و نێردراوی کەناڵە ناوخۆیی و عەرەبی و نێودەوڵەتییەکانی بەستو لەوەڵامی پرسیارێکدا دەربارەی ڕەوشی کەرکوک گوتی: "ئەو کوردانەی لەکەرکوکیش دەگەڕێنەوە بەلای منەوە خائینن، هیچ وشەیەکی کەمتر لە خائنیان پێنالێم، ئەو کوردانەی لە کەرکوکەوە دەگەڕێنەوە، بەرژەوەندی خۆیان دەسەپێنن لەسەر بەرژەوەندی میللەتی کورد چونکە کەرکوک بەلای کوردەوە مەسەلەیەکی سەرەکییە، لەجیاتی ئەوەی هەموو جۆرە شتێک تەحەمول بکەن لەپێناوی مانەوەیاندا دەگەڕێنەوە، من بەوکەسانە دەڵێم ئەوە خیانەتەو داوایان لێ دەکەم واز لەو خیانەتە بهێننو بگەڕێنەوە کەرکوک".

ئەوەی ماڵی لەشووشە بێت، نابێت بەرد لەپەنجەرەی ماڵی کەسێکی تر بگرێت. مام جەلال سەدان جار لەکۆڕو کۆبوونەوەو دیمانەو کۆنگرە ڕۆژنامەنووسیەکاندا گوتوویەتی کە ئەو خۆی خەڵکی شاری کەرکوک-ە. مام جەلال، کاتێ کەخەڵکی بێدەسەڵاتو بێچارەی کەرکوک کە لەبەر چەندین هۆ کەرکوک جێدەهێڵن بە ناپاک ناوزەد دەکات، ئەی خۆی بەو هەموو دەسەڵاتو سامانە زۆرو بێژمارەیەی لەژێر دەستیدایە، کەچی تائێستا نەگەڕایەتەوە بۆ کەرکوک، دووجار ناپاک نیە؟ خەڵکی کەم دەرامەتو ئاوارەی کەرکوک، کە تائێستاو دوای تێپەڕبوونی دوو ساڵو نیو بەسەر گەڕانەوەیاندا زۆریان لەناو خێمە یان ژووریکی لەقوڕ دروستکراو دەژینو ژیانی کۆڵەمەرگی ئەو ماوەیان بەبێ ئاو، کارەبا، بنکەی تەندروستی، قووتابخانە، بێکاری‌و مووشەک بارانی شەوانە بەسەربرد، کەچی کەسانی وەکو جەلال جەوهەر، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانو بەرپرسی مەڵبەندی 2، ڕزگار عەلی حەمەجان ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتیی‌و سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک، مامۆستا کاکەڕەش (بابەکر سەدیق ئەحمەد)و ئەحمەد عەسکەری(بێلایەنە) ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک، کە لەهیچ شتێکیان کەم نییە، ساڵێک زیاترە ماڵەکانیان بردۆتەوە سلێمانی! بەقسەی مام جەلال بێت ناپاکی گەورە ئەوانەن، نەک کەسانی بێدەرامەتو خزمەتگوزاری‌و بێکار.

مامە کێ ناپاکە؟ کەرکوکی‌یەکان کە هەر لەدامەزراندنی دەوڵەتی ئێراقیەوە لەساڵی 1920-2003 ڕووبەڕووی سیاسەتی بەعەرەبکردنو ڕاگوێزانو کوشتنو بڕین بوونەتەوە، یان تۆیەک کە نیوەی ژیانی سیاسیت بەجاشێتی‌و شەڕی براکوژی بردۆتە سەر؟

مامە کەرکوکی ناپاکن؟ یان تۆ کە بەدەیان جار کوردستانت کردووە بەعەرەبستانو گووتووتە ئێراق وڵاتێکی عەرەبییە؟

بۆ نموونە:

1- چاوپێکەوتنێکی ڕۆژنامەی (ئەلشەرق ئەلئەوسەت) لەلایەن جیهان ئەلحوسەینی - سلێمانی کە دەڵێ: (لەبەرژەوەندی گەلی کوردا نییە کە پەیوەندی لەگەڵ ئیسرائیل ببەستێت، چونکە ئێمە عێراقینو عێراقیش وڵاتێکی عەرەبی‌یەو ئەندامی کۆمکاری دەوڵەتانی عەرەبە) 30.9.2004 www.pukmedia.com

2- چاوپێکەوتنێکی ڕۆژنامەی (ئەلسەفیر) لەلایەن عەبدولفەتاح - کوردستان کە دەڵێ: (پەیوەندیمان لەگەڵ عەرەب بەهێزەو نامانەوێت ئەو پەیوەنییە مێژووییە تێکبدەین، هەروەها لەبەرژەوەندی گەلی

کوردیشدا نیه که پەیوەندی لەگەڵ ئیسرائیل دابمەزرێنین، بەر لەهەموو شتێک ئێمە عێراقینو عێراقیش وڵاتێکی عەرەبییە). 29.11.2004 www.pukmedia.com

3- له 6.4.2005داو لەوتەیەکتدا لەناو هۆڵی ئەنجومەنی نیشتمانیی ئێراقی، دوای هەڵبژاردنت بە سەرۆک کۆماری ئێراقی ئەو عروبەی کە شانازی پێوە دەکەیت، گوتت: (بۆ ئەوەی عێراق بەسەربەرزیو سەرفرازیەوە بگەڕێتەوە بۆ کاروانی پێشکەوتووی مرۆڤایەتیو دەوروبەرە ئیسلامیو عەرەبییەکەیو حکومەتەکەشی ڕۆڵی بەشداریکردنی ڕاستەقینەو کاریگەر لەگەڵ گەلانی عەرەبو ئیسلامیدا بگێڕێتو هاوکاری ڕاستەقینەو کاریگەر لەگەڵ گەلانی عەرەبو ئیسلامیدا بکات). کوردستانی نوێ، ژمارە (3639) پێنجشەممە 7.4.2005. ل4.

4- چاوپێکەوتنێکی ڕۆژنامەی (ئەلشەرق ئەلئەوسەت) لەگەڵتدا کە دەڵێی: (ئێمە وڵاتێکی عەرەبینو یەکێک بووینە لەدامەزرێنەرانی کۆمکاری عەرەبیو پابەندی هەموو ئەو بڕیارانەین کە لە کۆنگرەکانی لووتکەی عەرەبییەوە دەردەچێت). 11.9.2005 www.sotkurdistan.com

5- لەدیمانەیەکدا لەگەڵ کەناڵی ئاسمانی (ئەلعێراقیة)و بەرنامەی (تۆو بەرپرس) کە ئێوارەی 6.9.2005 لەگەڵت ئەنجام درا، دەڵێی: (عێراق، بەعێراقێکی بەهێز دەمێنێتەوە، عێراق بەوڵاتێکی گرنگی عەرەبیو ئەندام لە کۆمکاری عەرەبی دەمێنێتەوە. گەلی عێراق بەگەلێکی گرنگ لەخۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا دەمێنێتەوە). 7.9.2005 www.pukmedia.com

6- لەدیمانەیەکی کەناڵی ئاسمانی (ئەلعەرەبیە)، دەڵێی: (ئێمە دەڵێین عێراق وڵاتێکی عەرەبییەو ئەندامی کۆمکاری عەرەبییە. هەروەها گوتمان عێراق بەشێکە لە هەردوو جیهانی عەرەبیو ئیسلامی و جیهانی ئیسلامیش زاراوەیەکە عەرەبیش دەگرێتەوە.). لەدرێژەدا دەڵێیت: (وازمان هێنا لە فیدراڵی بۆ ماوەیەکی دیاریکراو، هەروەها وازمان هێنا لەمافی چارەی خۆنووسین، ئەو مافەی کە زۆرتر لەدوو ملیۆن کورد لەراپرسیەکدا داوایانکرد). 28.8.2005 www.pukmedia.com

7- لەچاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ ڕۆژنامەی (ئاکشام)ی تورکی دەڵێی: (ئەوە 58 ساڵە من لەکۆڕی خەباتی سیاسیدام، کاتێکیش داکۆکیم لەمافی چارەی خۆنووسین بۆ گەلی کورد کردووە داکۆکیم لەوە نەکردووە یان ڕۆژێک لەڕۆژان نەمگوتووە کوردستان لەعێراق جیابێتەوە. ڕۆژێک لەڕۆژان بیرم لەدامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی یان جیاکردنەوەی کوردستان لەعێراق نەکردۆتەوەو هەمیشە بەرگریم لەعێراق کردووە). کوردستانی نوێ، ژمارە 3708 دووشەممە 27.6.2005 ل4. هەروەها ماڵپەڕی پەیامنێر 25.6.2005.

8- لەچاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ ڕۆژنامەی (ئاکشام)ی تورکی دەڵێی: (تورکیای دیموکرات سەبارەت بەکورد بایەخێکی ستراتیژی هەیە، چونکە بۆ نموونە شیعەی عێراق، ئێران پشتیوانیان لێدەکاتو سوننە دەوڵەتانی عەرەب پشتیوانیان لێدەکات، بەڵام ئێمەی کورد تورکیامان هەیەو دەشبێت هەر ئاوابێت). کوردستانی نوێ، ژمارە 3708 دووشەممە 27.6.2005 ل4. هەروەها "ئیلنوور چەڤیک"ی ڕۆژنامەنووسی تورک، لەوتارێکیدا کە لەژێر ناونیشانی "دیدێکی ئەنەدۆڵییانە"دا لە گۆڤاری گوڵان،

ژماره 537ی پێنجشەممە 19.5.2005دا، باسی تۆ دەكات كە گوتوتە: (ئەگەر شیعەكانی عێراق ئێرانیان هەیە، ئەوا ئێمەی كوردیش توركیامان هەیە). هەروەها نووسەری تورك "جونەیت ئوڵسەڤەر" لەبابەتێكدا كە لەژێر ناونیشانی (چۆن جەلال تاڵەبانی بخوێنینەوە؟) كە لەرۆژنامەی "توركیش دەیلی نیوز"دا بلاوكراوەتەوە، نوسیوویەتی: (تاڵەبانی بەشاندێكی توركیای گوت ئێمەی كورد توركیامان هەیە، ئەوە شیعەكان ئێرانیان هەیەو سوننەی عەرەبیش دۆستی خۆیان هەیە). ماڵپەری پەیامنێر 2.3.2005.

9- مام جەلال، لەسەردانێكی ساڵی 2002یدا بۆ توركیا گوتی: (لەمەودوا، چیتر گۆشتی قەل ناخۆم، هەرچەندە زۆریش حەزم لەخواردنی گۆشتی قەلە، ئەویش تەنیا لەبەرئەوەی بە ئینگلیزی بەقەل دەڵێن توركی). لەهەمان سەردانیدا باسی ئەوەشیكرد: (ئەگەر بێتوو لەشكری تورك بێتە كوردستان، ئەوە خەڵكی كوردستان بەگوڵباران پێشوازی لەو لەشكرە دەكات).

10- لەچاوپێكەوتنێكدا لەگەڵ رۆژنامەی (حورییەت)ی توركی كە "یالچین دۆغان" ئەنجامی داوە، دەڵێی: (بەراستگۆییەوە دەیلێم، دژایەتیكردنی حكومەتی توركیای ئێستا، مانای ناپاكی كردنە لەبەرامبەر گەلی كورددا. ئەو چالاكیانە بەكردەوەی تیرۆریستیو دژ بەدیموكراتی دادەنێین، ئەو كارانە لەدژی گۆڕانی دیموكراتی لەتوركیاو جگە لەدوژمنانی كورد كەسێكی دیكە سوودیان لێوەرناگرێت). 9.9.2005 www.sotkurdistan.com هەروەها 7.9.2005 www.pukmedia.com

11- لەدیمانەیەكدا لەگەڵ بەرنامەی "مانشێت"ی كەناڵی سی.ئێن.ئێن.ی توركی كە محەمەد عەلی پیراند ئەنجامی داوە، لەوەڵامی پرسیاری: هەروەكو زانیومە تۆ پێشنیاری مۆدیلی برۆكسل-ت كردووە بۆ كەركوكو باسی هەڵوێستی خۆت بۆ بەرپرسان لەئەنقەرە كردووە؟ دەڵێی: (من لەگەڵ بەڕێوەبەرێتییەكی هاوبەشم بۆ دانیشتوانەكەی، بۆ نموونە دەكرێ كاروباری ئەو پارێزگایە ساڵێك لەلایەن توركمانو ساڵێك لەلایەن عەرەبو ساڵێك لەلایەن كوردەوە بەڕێوە ببردرێو بەمشێوەیە). www.pukmedia.com 9.7.2004 هەروەها ماڵپەری "پەیامنێر" لە 11.8.2004دا نووسیوێتی: (تاڵەبانی نموونەی شاری برۆكسلی بۆ بەڕێوەبردنی شاری كەركوك پێشنیاركردووەو بەم پێیەش شاری كەركوك لەرووی بەڕێوەبەرێتییەوە سەر بە هیچكام لەناوچەی كوردیو عەرەبی نابێتو بارێكی تایبەتی دەدرێتە ئەو شارەو، بەڕێوەبەرێتییەكەش دەدرێتە سێ پارێزگاری كوردو عەرەبو توركمان كە بەنۆرە كاروباری شارەكە بەڕێوەببەن).

12- تاڵەبانی لە 13.7.2005دا لەبەغدا، پێشوازیكرد لەشاندێكی لیژنەی تێكگەیشتنو چارەسەری نیشتمانیی عەرەبە داگیركەرەكانی كەركوك، ئەو عەرەبە هاوردو داگیركارانە كۆمەڵێك مەرجیان هەبوو لەبەرامبەر چارەسەركردنی كێشەی عارەبی تەعریب. یەكێك لەو مەرجانە ئەوە بوو كە عارەبی تەعریب ناچار نەكرێن بۆ گەڕانەوەیان بۆ ئەو شوێنەی كە لێیەوە هاتوون، ئەگەر خۆیان ئارەزووی ئەوە نەكەن. تاڵەبانی هەموو مەرجەكانی ئەوانی پەسەندكردو لەووتەیەكدا بۆ ئەو عارەبە داگیركەرانە ووتی: (ئەو عەرەبە هاوردانەی لەكاتی حوكمی رژێمی لەناوچوودا بەزۆر لەكەركوك نیشتەجێبوون، داوادەكەین بگێڕدرێنەوە بۆ ناوچەكانیان بەمەرجێك دەوڵەت قەرەبوویان بكاتەوەو

ئەوانەشی کە ئارەزوو دەکەن لەکەرکوکدا بمێننەوە ئامادەن تۆمارەکانی نفووسیان بۆ ناوچە ڕەسەنەکانی خۆیان بگوازنەوە). کوردستانی نوێ، ژمارە 3725 دووشەممە 18.7.2005.

13– ڕۆژنامەی "ئەلسەفیر"ی لوبنانی لە 2.7.2004دا دەنووسێت: (جەلال تاڵەبانی، سەرۆکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ڕایگەیاند کە ئەو دژی دەرکردنی سزای لەسێدارەدانی سەرۆکی لادراوی عێراق، سەددام حوسێن–ە). هەروەها لەم دواییەشدا تاڵەبانی ڕایگەیاند، کە ئەو نایەوێت واژۆی (ئیمزا)ی فەرمانی جێبەجێکردنی لەسێدارەدانی دکتاتۆر سەددام حوسێن بکات، ئەگەر هاتوو دادگای عێراقی فەرمانی لەسێدارەدانی بۆ دەرکرد. پێشتریش مام داوایکرد ژنو منداڵەکانی سەددام ڕووبکەنە کوردستانو ئەو داڵدەیان دەدات، چونکە پێی وابوو ژنو منداڵەکانی ئەو نەک هەر بێتاوانن، بەڵکو لەلایەن سەددام خۆی ستەمیشیان لێکراوەو چەوسێندراونەتەوە!!.

14– تاڵەبانی لەسەردانێکیدا بۆ لای سیستانی بۆ نەجەف گوتی: (زۆر دڵخۆشبووین بە پێشوازییە دۆستانەکەی کە سیستانی لە ئێمەی کردو تێبینییەکانیشم ئەوەیە وەک پێشتر وتوومە سەید ئەلسیستانی نیعمەتێکت لەخواوە بۆ گەلی عێراقو ڕۆڵی مێژوویشی زانراوە). کوردستانی نوێ، ژمارە 3718 هەینی 8.7.2005. پێشتریش تاڵەبانی لەدوای سەردانێکیدا بۆ لای سیستانی لەساڵی 2004دا، گوتی: (سیستانی چاوی دیموکراتییەتە لە عێراقدا). 15.2.2004 www.kdp.info ئەوانیش لە www.pukmedia.com وەریانگرتووە.

15– لەسەرەتای هێرشی هاوپەیمانان بۆسەر ڕژێمی ئێراقی لەمانگی مارسی 2003دا بوو، مام جەلال بەرۆژنامەنووسانی ڕاگەیاند کە وەکو کورد نایانەوێت پێشمەرگەی کورد بۆ شاری موسڵ بنێرن، چونکە موسڵ شارێکی کوردی نییە، بەڵکو شارێکی عەرەبییە). هەروەها لەپێشوازیکردنی هەندێک لە سەرۆک خێڵە عەرەبەکانی شەممەرو عوبێدیدا لە سلێمانی، گوتی: (خێڵی شەممەر ڕازی نەبوون زەوی کورد داگیربکەنو تێگەیشتنیان بەرامبەر کورد دۆستانەو بەویژدانانەبووە!!). کوردستانی نوێ، ژمارە 3446 یەکشەممە 15.8.2004 ل1.

16– مام جەلال، نامەیەکی لەبەرواری 28.11.2002، بۆ وەزیری دادی دانیمارکی نووسیوەو ئەمەش بەشێکی نامەکەی تاڵەبانییە: (خەزرەجی، هەر لەتەمەنی لاوێتیدا خۆبەختکارێکی ئێراقی بوو، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ کە لەدڵەوە لایەنگیری ڕژێمە دیکتاتۆرەکەیە. کاتێ خەزرەجی خۆی گەیاندە ڕیزەکانی پارتی بەعسو سوپا، خۆی خستە پاڵ چەپەکانەوە کە دژ بەگرووپی سەددامو عەفلەقیەکان بوو. دوای ئەوەی خەزرەجی پلەی بەرزبووەوە بۆ فەرماندەی فەیلەقی یەک پەیوەنییەکی پتەوی لەگەڵ ی.ن.ک بەست. بەزانیاری تەواوی بەندە، خەزرەجی خودی خۆی بەشداری ئەنفال یان بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی نەکردووە. وەکو خۆم هەستدەکەم ڕژێمی ئێراقی هانی پ.ک.ک و هەندێک کوردی ئێراقی داوە کە مەسەلە تراژیدیەکەی هەڵەبجە کاری تێکردبوون، بو دانانی پلانێک لەدژی خەزرەجی).

17– فوئاد مەعسومی ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لە 10.10.2001دا نامەیەکی بۆ وەزیری دادی دانیمارکی فرانک یەنسن ناردووە، ئەمەش بەشیکە لەو نامەیەدا: (فەریقی ڕوکن نزار ئەلخەزرەجی لەلای ئێمە وەکو کەسایەتییەکی سەربازی نیشتمانیی بێ وێنەو بەناوبانگی

باش ناسراوه. بەگوێرەی زانیارییەکانی ئێمە خەزرەجی هیچ ڕۆڵێکی لەلێدانی هەڵەبجە بەچەکی کیمیاوی نەبووەو بەشداری شاڵاوەکانی ئەنفالیشی نەکردووە). هەروەها مەعسوم لەدیمانەیەکدا لەگەڵ کەناڵی ئاسمانی ئەی.ئێن.ئێنی عارەبی لەئێوارەی 18.11.2002دا گوتی: (سوپای ئێراقی بەشداری شاڵاوەکانی ئەنفالی نەکردووە، ئەگەر بەشداریشی کردبێت، ئەوە بە فرقەیەک یان کەمتر لە فرقەیەک بەشداری کردووە).

18- نەوشێروان مستەفا ئەمین، جێگری سکرتێری گشتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لە 21.6.2004دا لە پەیمانگای کادیران لە قەڵاچوالانو لە خولێکی تایبەت بە مەڵبەنی کەرکوک گوتی: (شەڕی کەرکوک دەبێت خەڵکی کەرکوک خۆی بیکاتو، خەڵکی سلێمانی نایەت خۆی لەسەر کەرکوک بەکوشت بدات. ئێمە لە سلێمانی هێلانەیەکی بچوکمان بۆخۆمان دروستکردووەو ئامادەنین جارێکیتر لەسەر کەرکوک تێکی بدەینەوە). هێمن کەرکوکی، ووتاری: "نەوشیروان مستەفا: لەسەرکردەیەکی نیشتمانی و نەتەوەیی دوێنێو محەلیو ناوچەیی ئەمڕۆ؟ کوردستاننێت 23.6.2004. لەسەردانی مانگی 5ی ئەمساڵمدا بۆ کوردستان-کەرکوک، دوو لەکادیرانی بەشداربووی ئەو خولەم بینیو ڕاستی قسەکانی نەوشێروانیان لەسەر کەرکوک پشڕاستکردەوە!.

مام جەلال، ئەوەندە باسی عروبەو ئیسلامیەتی ئێراق دەکات، مەگەر تەنیا کەسانی کۆنە بەعسیو ئەندامانی (هيئة علماء المسلمين -الارهابيين) بەقەد ئەو بەپەرۆشی ئەو عروبەو ئیسلامیەتەی دەوڵەتی ئێراق بن. نازانم بۆ دەبێت، ئەو کەرکوکیانەی کە لە ناچاریو بێئومێد بوونیانو لە ئەنجامی نەبوونی ئاسایشو سەرەتاترین هۆکارەکانی ژیان لەشارەکەدا، کەرکوک جێدێلن ناپاک بن؟ کەچی کەسێکی وەکو مام جەلال بەدەیان جار تەواوی ئێراق (ئێراقی عەرەبیو کوردستان) بەئێراق دادەنێتو کوردستان لەنێو ئێراقدا دەتوێنێتەوە، ناپاک نەبێت؟؟؟ هەروەها بەکارهێنانی گەلی ئێراق لەلایەن مام جەلال-ەوە هەڵەیەو دەبوایە گەلانی ئێراقی بەکار بهێنایە!
مام جەلال، دەبوایە بەر لەهەموو کەسێک بە جەلال جەوهەر، ڕزگار عەلی، مامۆستا کاکەڕەش، ئەحمەد عەسکەریو هەموو ئەو ئەنداموو دۆستانەی خۆیانی بگوتایە ناپاک، نەک خەڵکی بێچارەی کەرکوک، چونکە ئەوان زۆر بەر لەکەسانی سادەی کەرکوکی ماڵەکانی خۆیان بردەوە سلێمانی! واتە ئەوان بوونە نەخشە دانەرو ڕێگا نیشاندەر بۆ ئەوەی کەسانیتر بەدوایاندا بچن! ئایا مام دەبێت ئاگاداری ئەوە نەبێت، کە جەلال جەوهەر زۆر بەدەگمەن لەمەراسیمەکانی ناو کەرکوک دەردەکەوێت؟ ئێمەی کوردی دەرەوەی وڵات هەستی پێدەکەین، بۆ دەبێت مام هەستی بەبەشداری نەکردنی ئەو نەکردبێت، جگە لەو دیدارو پێشوازییانەی لەناو مەڵبەند ئەنجامی دەدات؟؟ ئایا دەبێت مام ئاگاداری نەخۆشی گەندەڵی بەڕێوەبەرێتی نەبێت، کە کەرکوکیشی گرتۆتەوە؟ ئایا دەبێت مام ئاگاداری ئەوە نەبێت؟ کە ڕزگار عەلی سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک، بەر لە یەک دوو مانگ ناوی چاپوک-ی برای ژنەکەی خۆی وەکو ئەندامی وەفدی کەرکوک بۆ نەمسا نووسیبوو هەروەها نزیکەی 3 هەزار تا 3.300 دۆلاریشی بۆ خەرج کردبوو هەروەکو ئەندامانی تری وەفدەکەو دواتریش چاپوک لە نەمسا خۆی لەوەفدەکە شاردەوەو نەگەڕایەوە بۆ کوردستان!.
باشبوو، ئەوە زانیمان مام جەلال وا خۆی پێمان دەڵێت کە بەدرێژایی 58 ساڵ لەتەمەنی خەباتی خۆیدا بەهیچ شێوەیەکو ڕۆژێک لەڕۆژان بیری لەدامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی یان جیاکردنەوەی کوردستان لەئێراق نەکردۆتەوەو هەمیشە بەرگری لەئێراق کردووە!! لەشت ساغ بێت.

ئایا ئەو کەرکوکی‌یە قارەمانو تێکۆشەرو دڵسۆزانەی کە هەر لەسەرەتای لکاندنی ویلایەتی موسڵی کوردستانی بە ئێراقی عارەبی‌یەوە، ڕووبەڕووی هەموو سیاسەتەکانی حکومەتە یەک لەدوای یەکەکانی ئێراقی بووینەوە، ناپاکن؟ یان مام جەلالێک کە تورکیای دوژمنی سەرسەختی کورد، ئەو تورکیایەی کە نایەوێت، تەنانەت لە ئەفریقاش دەوڵەتێکی کوردی دابمەزرێت، بەپشتیوانی کورد دادەنێتو تێکۆشەرانی باکوری کوردستان بە تیرۆریست ناوزەد دەکاتو دژایەتیکردنی حکومەتی تورکیا بە ناپاکی کردن لە کورد ناودەباتو شەڕکردن لەگەڵ تورکیا بەتاوان دادەنێت؟؟

ئایا مام، دەبێت هەست بەوە نەکات کە قەل نەخواردنی لەبەر ڕاگرتنی دڵی تورکان، دەبێتە هۆی ڕەنجاندنی دڵی دەیان هەزار کوردی دڵسۆزو قورسکردنی ئێسکی خۆی لای ئەوان؟ هەرچەندە نەک بەندە بەڵکو هیچ کەسێک باوەڕ ناکات مام بەخۆی بوەستێتو چیتر قەل نەخوات، ئەی کەواتە لەپێناوی چی مام ئەو قسە بێسوودانە دەکاتن؟؟.

ئایا ئەو کەرکوکیانەی هەردەم پارێزگارییان لەسیمای کوردایەتی شاری کەرکوک کردووە، ناپاکن؟ یان مام جەلالێک کە کەرکوکی قودسو دڵی کوردستان دەکات بەچوار بەشی وەکو یەکو لەتەواوی کەرکوکی کوردان چارەگێکی بۆ کورد دێڵێتەوە، ئەویش لەڕێگای جێبەجێکردنی مۆدیلی برۆکسل بۆ ئەو شارە کوردستانی‌یە؟

ئایا کەرکوکی‌یەکان ناپاکن؟ یان مام جەلالێک، کە بەگوێرەی مادەی 58ی دەستوری کاتی، دەبێت هەموو عارەبی هاوردەو داگیرکەری کەرکوک بگەڕێنەوە ئەو شوێنانەی کە لێیەوە هاتوون؟ کەچی مام، ڕێگای مانەوەی ئەو عارەبانەی کە ئارەزووی گەڕانەوە ناکەن، دەدات لە کەرکوک بمێننەوە بەمەرجێک نفوسەکانیان بگوازنەوە؟ مام، تەنانەت داوای قەرەبوو کردنەوە بۆ عارەبی تەعریب دەکات نەک بۆ کوردی زەرەرمەند، وەکو ئەوەی ئەوان قوربانی بنو کورد ستەمکار!!

مام جەلال، کەسێکە کە دەیان لێدوانی جیاجیای داوە کە بەگران لەسەر خۆیو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان وەستاون، بەبێ ئەوەی تورک یان عارەب، هیچ نرخێک بۆ ئەو لێدوانە بێسەروبەرانەی مام بکەن، بۆ نموونە داواکردنی ژنو منداڵەکانی سەددامی خوێنڕێژ بۆ هاتنیان بۆ کوردستان، وەستانی لەدژی دەرکردنی سزای لەسێدارەدانی سەددامو واژۆ نەکردنی بڕیارەکە، ئەگەر بێتوو دادگا بڕیاری لەسێدارەدانی سەددامی دەرکرد. یان دانانی شۆڤینییەکی تاسەر ئێسقان دژ بەکورد بە نیعمەتی خواو چاوی دیموکراتی ئێراقی. ئەگەر سیستانی نیعمەتی خواو چاوی دیموکراتی بێت، هیوادارین خوا ئەو نیعمەتە ببڕێتو ئەو چاوەش کوێر کات!! بۆ کەسانی واهەن لەناو حکومەتو پەرلەمانی ئێراقیدا، زۆر ڕاشکاوانە داکۆکی لە عارەبو موسڵمانە تیرۆریستەکان دەکەن، مام سەرەڕای ئەوەی بەهیچ شێوەیەک داکۆکی لەکوردی باکوور ناکات، کەچی لەبەرخاتری ڕاگرتنی دڵی دوژمنان بەترسناکترین شێوە تاوانباریان دەکات!!.

ئایا ئەوە ناپاکی نیە کە مام جەلال، موسڵی پارچەیەکی گرنگی کوردستان بەشارێکی عارەبی ناوببات؟؟
من لێرەدا نامەوێت وەڵامی مام بدەمەوە، چونکە خەریکی نووسینی پەرتووکێکم لەسەر کوردستانییەتی شاری موسڵ کەتاکو ئێستا زۆرتر لە 200–300 بەڵگەی نەتەوە یەکگرتووەکان، حکومەتی ئێراقی، عەرەبی، تورکی، بیانیو کوردیم کۆکردۆتەوە کە کوردستانی‌یەتی شاری موسڵ دەسەلمێنن، لەوێ وەڵامی دەدەمەوە!.

ئەو داکۆکیەی کە مام لە خەزرەجی کردووە، دڵنیام ئەو داکۆکییەی لەهیچ ئەندامێکی یەکێتیی نەدەکرد، ئەگەر بێتوو هەر ئەندامێکی یەکێتیی دووچاری هەمان چارەنووسی خەزرەجی ببوایە! ئایا ئەوە ناچێتە خانەی ناپاکی، کاتێ کەسێک داکۆکی لە کەسێکی تاوانبار بکات، کەدەستی سووربێت بەخوێنی هەزاران

لەڕۆڵەکانی ئەو نەتەوە ژێردەستو داماوەو، ئەوکەسە خۆی دانی بەوەدا نابێت کە بەشداری شاڵاوەکانی ئەنفالو کیمیابارانی هەڵەبجەو جەنگی قڕکردنی کوردی کردبێت؟ هەر کوڕەکانی کەرکوکو گەرمیانی ئەنفالکراو و کوردستانیانی دڵسۆز بوون هەوڵی دادگاییکردنی تاوانبارێکی وەکو خەزرەجی-یان دەکرد، تۆش هەوڵی لەباربردنی هەوڵەکانی ئەوانت دەداو لەباریشت بردا!!.
ئایا ناپاکی لەوە گەورەتر هەیە، وەکو ئەوەی کە فوئاد مەعسومی ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتیی‌یەکەت کردی؟ ئایا ئەو نامەیەی دکتۆر فوئاد بۆ وەزیری دادی دانیمارکی بۆنی ناپاکی لێنایەت، کە دەنووسێت گوایە خەزرەجی بەگوێرەی زانیارییەکانی ئەو هیچ ڕۆڵێکی لەلێدانی هەڵەبجە بەچەکی کیمیاوی نەبووەو بەشداری شاڵاوەکانی ئەنفالیشی نەکردووەو سوپای ئێراقیش بەشداری شاڵاوەکانی ئەنفالی نەکردووە، ئەگەر بەشداریشی کردبێت، ئەوە بە فرقەیەک یان کەمتر لە فرقەیەک بەشداری کردووە؟.

ئەریّ ناپاکی لەوە گەورەتر هەیە، کە نەشێروان مستەفای جێگرت کردیو بەئاشکرا هاواریکرد کەجارێکیتر نایەوێت لەسەر کەرکوک شەڕ بکرێتەوەو شەڕی کەرکوک دەبێت تەنیا خەڵکی کەرکوک خۆی بیکاتو وەکو بڵێی کەرکوکی‌یەکان تەنیا بەشداری شۆڕشیان کردبێت لەپێناو کەرکوک، نەک تەواوی کوردستان!! نەوشێروان نایەوێت خەڵکی سلێمانی خۆی لەسەر کەرکوک بەکوشت بدات، بەڵام بەدەیان هەزار کەرکوکیو گەرمیانی لەپێناو کوردستاندا بوونە قوربانی. نەشێروانو حزبەکەی ئامادەنین ئەو هێڵانە بچوکەی خۆیان لە سلێمانی دروستیانکردووە، بەهیچ شێوەیەک لەسەر کەرکوک تێکی بدەنەوە، کەچی کەرکوکو تەواوی شارو شارۆچکەکانی گەرمیان زەرەرمەند بوونو زیاتر لە 700 دێی ئەو شارە لەگەڵ خاک تەختکران لەپێناوی کوردستاندا!

ئەی ناپاکی لەوە گەورەتر هەیە کە خاڵی 3ی دەستوور بگۆڕدرێت؟ ئەو دەستوورەی کە تاکە خاڵێک، خاڵی 3 بوو کە مرۆڤ دڵی تۆزێک پێخۆش بێت، ئەویش سازشی لەسەرکراو ئەو هێڵە سوورەش بەزێنرا کە سەرکردایەتی کورد دەیگوت: ناسنامەی ئێراق، فیدراڵی، پێشمەرگەو سامانی سروشتی هێلی سوورنو هەرگیز سازشیان لەسەر ناکەین)!.
لەسەرەتادا خاڵی 3ی دەستوور بەمشێوەیە بوو: (عێراق وڵاتێکی فرەنەتەوەو ئایینو ئاینزایەو، بەشێکە لە جیهانی ئیسلامیو گەلی عارەبییش تیایدا بەشێکە لە نەتەوەی عارەب). کەچی لە 12.10.2005دا گۆڕاو وای لێهات: (عێراق وڵاتێکی فرەنەتەوەو ئایینو ئاینزایەو، بەشێکە لە جیهانی ئیسلامیو ئەندامێکی دامەزرێنەرو کارای کۆمکاری عارەبی‌یەو پابەندی بەڵێننامەکەیەتی). بەو گۆڕانکارییە، ئێراق بەکوردستانیشەوە دەبنە بەشێک لە خاکو نەتەوەی عارەب. مادەی (1)ی بەڵێننامەی کۆمکاری دەوڵەتانی عارەبی، دەڵێت: (کۆمکاری دەوڵەتانی عارەبی لەدەوڵەتە سەربەخۆ عارەبییەکان پێکدێت کە واژۆ (ئیمزا)ی ئەو بەڵێننامەیان کردووەو هەریەک لە دەوڵەتانی عارەبی سەربەخۆ، مافی ئەوەیان هەیە بێنەناو ئەو کۆمکارە). بەر لەهەمووو شتێک ڕوونو ئاشکرایە کە بەڵێننامەکە بەناوی (دەقی بەڵێننامەی کۆمکاری دەوڵەتانی عارەبی بڵاوکراوەتەوە)، کەواتە تایبەتە بە دەوڵەتانی عارەبیو هەر دەوڵەتێک ببێتە ئەندام، ئەوە دەبێت عارەبی بێت!! هەروەکو گوتیشم بەگوێرەی بەندی (1)، کۆمکاری عارەبی، تەنیا لەدەوڵەتانی عارەبی سەربەخۆ پێکدێتو، ئەگەر ئێراق وڵاتێکی فرەنەتەوەیەو عارەبی نیە، بۆ دەبێت ببێت بەئەندامی کۆمکارێکی عارەبی؟
دوای ڕاگەیاندنی ڕەشنووسی دەستووری ئێراقو ڕادەستکردنی بە پەرلەمانی ئێراقی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، مەسعود بارزانی باسی ئەوەی دەکرد کە بەبێ گەڕانەوە بۆ پەرلەمانی کوردستان، ئەوان

ناتوانن بەهیچ شێوەیەک جارێکیتر گۆڕانکاری بەسەر ئەو ڕەشنووسەدا بهێنن، کەچی وادەرنەچوو و بەبێ گەڕانەوە بۆ پەرلەمان، خۆیی‌و مام جەلال بڕیاری گۆڕانکارییەکانیاندا!!. هەرچەندە گومانیشم لەوەدا نییە کە پەرلەمانی حزبەکانەو، ئەندامەکانی ناتوانن لەو سنوورەی حزبەکانیان بۆیان دەکێشن دەربچن، بەڵام ئەوان خۆیان پەرلەمانەکە سووکو ڕسوا دەکەن!!.
ئەوە چەند ڕۆژێکە بەرپرسانی کورد، بەئارەزووی خۆیان تاوانی ناپاکی، هاوکارانی کۆنە بەعسی، تیرۆریست، دوژمنانی دیموکراسی‌و دوژمنانی زمانی کوردی‌و فیدراڵی، دەدەنە پاڵ ئەو کەسانەی کە نایانەوێت بەشداری دەنگدان بن یان بەنەخێر دەنگدەدەن، ئەویش بۆ شاردنەوەی شکستەکانی خۆیانە کە لە داڕشتنی ئەو دەستوورەی حەیامێک بوو خۆیانیان پێبادەدا، هێنایان!! هیوادارم ڕۆشنبیرانی کوردستانی بێدەنگ نەبن لەئاست ئەو شێوازەی کە سەرکردایەتی کورد گرتوویەتیە بەر لەدژی ئەو کەسانەی نایانەوێت، چەقەنە بۆ شکستەکانی ئەوان لێبدەن!!.